# هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی زمانێکی ستانداردی کوردیی
# یان زەقکردنەوەی دیالێکتەکان

## چەند سەرنجێک لەسەر دوو بەرنامەی بەڕێز دکتۆر فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی

**مەجید دڵنیا**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ناسنامەو سیمای هەر نەتەوەیەکەو هۆی سەرەکی لەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانە.لەرووی زانستییەوە بنەماو پێکهاتەکانی زمان چوون یەکن و پەیوەندیەکی گراماتیکی هاوبەش، لەنێوان زمانەکانی جیهاندا هەیە.
زمانی کوردییش، مینای زمانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ،دەچێتە خانەی هەمان یاساوڕێساوە.
چەندایەتی وفرە شێوەزاری لەهەر زمانێکدا،مانای دەوڵەمەندیی و بوونی فرەواتایی وفرە دەربڕینە، لە خودی ئەو زمانەدا. زمانی کوردیی وەک هەر زمانێکی تر، خاوەنی چەندین دیالێکتە.بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی بەسەر نەتەوەی کورددا سەپێنراوە،وەک بووەتە هۆی دابەشکردنی خاکەکەی،تاڕادەیەک بووەتە هۆی دابەشکردنی شێوەزارەکانیشی.بەتایبەتیش دوای بەرەسمی ناسینی ئەو سنوورانەی جەستەی خاکی کوردستانیان لەت لەت کردو دواتریش, دوای زاڵبوونی زمانی نەتەوەی سەردەست و کارتێکرانی کوردان ،بە زمانی ئەو نەتەوانە، زیاتر بووە هۆی لێکترازاندن و لێکدوورکەوتنەوەو تاڕادەیەک لێک تێنەگەیشتن لەیەکتر، لەنێو تاکەکانی کورددا.
گەرچی لە ئێستادا،خۆشبەختانە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیا،هیچ بەهایەکیان بۆ سنوورە تۆکمەکانی جاران نە هێشتۆتەوە.دوژمنانی کورد،گەر جاران بە زەبری چەک و هێز، سنوورەکانیان توندوتۆڵ دەکردو جەستەی خاکی کوردستانیان زیاتر لەیەکتر دادەبڕی،بەڵام ئەمرۆ بێ ویست وئیرادەی ئەوان،سنوورەکان ئازادانە دەبەزێنرێن وهۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردیی ،دەتوانێ خۆی بکات بە کونی هەموو ماڵێکی کورددا، لەهەرکوێیەک بن.دیارە ئەمە کۆتایی بە هەموو کێشەکە ناهێنێت ودوژمنان بۆ ئەمەش دەستەوەستان دانەنیشتوون،بەڵکو دەتوانن لەهەمان ڕێی تەکنەلۆجیاوە درێژە بە هەوڵی دژایەتی و شێواندنی زمانی کوردیی بدەن.
دروستکردنی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو (زمانی خوێندن ونووسین)بۆ هەر میللەتێک پێویستییەکی هەرە گرینگە.دیارە زمانیش، وەک هەردیاردەیەکی تر ، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، گۆڕانکاری وپێشڤەچوون بەخۆوە دەبینێ.
بەهۆی ئەوەی کورد لە ڕابردوویەکی نزیکدا ،خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە، لە هیچ کام لەو وڵاتانەی بەشێک لە کوردستانیشیان داگیر کردووە،ڕێگەیان بە زمانی کوردی نەداوەجگە لە (عێراق) *وەک زمانی میللەتێک بەکاربهێنرێت.ئەوەی هەبووە لە سەردەمی میرنشینەکاندا، هەرمیرنشینێک دەسەڵاتی گرتووە،هەوڵیداوە شێوەزارەکەی خۆی بەکارهێناوە، بۆیە لەگەڵ نەمانی ئەو میرنشینەدا ,شێوەزارەکەیشی

خراوەتە لاوە.ئەم شێوەزارەی ئێستاش،درێژەی دەسەڵاتی بابانەکانە. بۆیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا،زمانی کوردیی وەک پێویست نەیتوانیوە ببێت بە زمانیی ستاندارد.
لەباشووری کوردستاندا، بەهۆی ئەوهەل ومەرجە سیاسییەی هەیە،توانراوە تاڕادەیەکی باش ئەو بناغەیەی بابانەکان دایانڕشت، پارێزگاری لێبکرێت وپێشڤەچوون بە خۆوە ببینێت. هەوڵی چەندین زمانزان ولێکۆڵەری زمان وەک بەرێزان(مەسعود مەحەمەدو شکور مستەفاوئەورەحمانی حاجی مارف ونەسرین فەخری وچەندانیتر ڕۆڵی گرینگیان بینیووە.
لەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991ەوە، ئەو ئازادییەی لە باشووری کوردستان چێبووە.حکومەتی باشووری کوردستان،دوای ئەوەی لە بەرەنجامی شەڕی ناوخۆ بوو بە دووبەشەوە،کە تا ئەم ساتەوەختەش نەبووەتەوە بەیەک،زۆر دیاردەی خراپی لەگەڵ خۆیدا هێناو هەموو شتێکی لەسەر ئەو بنەمایە ،دابەشکرد.لە نزیکترین نموونەکانی لە ڕووی زمانەوە( قوتابی-خوێندکار...ژن-ئافرەت...قوتابخانە-خوێندنگە) وچەندانیتر. ئەم وشانە ،بوون بە موڵکی حیزب،ئێستا سەرو سیمای حیزبی پێدەناسرێتەوە.یەکێک لە خراپییەکانی کێبەرکێ حیزبی و دوو ئیدارەیی، پێڕۆی(منهج)ی خوێندن بوو،کە حکومەتەکەی هەولێر ،کردیە سەر شێوەزاری بادینی(کرمانجی ژووروو)کە پێشتر بە شێوەزاری سۆرانیی( کرمانجی خواروو) *بوو.لەوەش خراپتر، ناردنی ئەو دوو پێڕۆ جیاوازەیە بۆ شوێنێکی هەستیاری وەکو کەرکوک .* کەچی کەسێک لەخەمخۆرانی زمانی کوردیی لەم گۆڕینی پێڕۆیە، ورتەیان لێوەنایات!. شتی وا بڕواناکەم لای هیچ میللەتێکی تر ڕوویدابێت!
دابەشکردنی زمانی میللەتێک بەسەر دوو دیالێکتدا( دیارە قسەم لەسەر باشووری کوردستانە)،هەڵەیەکی ترسناکەو هەرەس پێهێنانی ئەو دیوارەش بوو،کە چەند دەیەیەکە بەهەوڵی دڵسۆزانێک وەک ئاماژەم پێکرد،خەریکی درووستکردنی بوون.
حکومەتی بەعس لەناوەڕاستی ساڵی 1989داهەوڵێکی لەو بابەتەی دا،ئەویش بەهۆی چەند ڕۆژنامەوانێکی بەکرێگیراوەوە، هەردوو ڕۆژنامەی(ئاسۆ)بە سۆرانی و(بزاڤ)بە بادینیی،بەچاپ وبڵاوکردنەوەی گەیاند.کە یەکەمیان 55ژمارەو دووەمیان54ژمارەی لێ دەرچوون. دواتر لە نارەڕاستی ساڵی 1990دا وەستێنران*.ئەوە یەکێک بوو لەو هەوڵانەی بەعس بۆ لێکترازاندن ودوورخستنەوەی ئەو دوو زاراوەیە لەیەکتر.
دابەشکردنی کورد بەسەر دوو دیالێکتدا،تەنانەت لەدەرەوەی وڵاتیش بەرەنجامی خراپی لێکەوتووەتەوە.لەشوێنێکی وەکو ئاڵمانیا کەمن بۆخۆم لێی دەژیم،لەدادگاکاندا،یا لەو شوێنانەی پەناهەندە خۆیانی لێ دەناسێنن ،پرسیارێک کە لەکوردێکی دەکەن ئەوەیە، کە تۆ سۆرانییت یا بادینیی. تەنانەت ئەو کەسە ئاڵمانانەی لەو شوێنانەدا کار دەکەن، ئەوانیش فێری ئەم بەزمە بوون ودەزانن. ئەم حاڵەتە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردی لێ دەژین بۆتە باو. بەڕاستی ئەمە زەنگێکی خراپەو گوناهەکەشی دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی لەو شوێنانەدا،کاری وەرگێڕیی دەکەن.کاکی وەرگێڕ وەک چۆن توانیویەتی پێرفێکت زمانی ئەو وڵاتە فێربێت،کەچی زۆر خەم ساردانە وتۆزێک هەوڵی نەداوە،گەر سۆرانیی بێت، شتێک بادینیی فێربێت یا بادینیی بێت ،شتێک سۆرانیی فێربێت.ئەرێ

گەلۆ تۆبلێی ،ئەو زمانە بێگانانە لەو دوو دیالێکتە ئاسانتر بن?!ئەوە تەنیا گەر کەمتەرخەمی و نزمی هەستیی نەتەوەیی نە بێت شتێکی تر نییە.زۆر لە کۆمەڵەورێکخراوە کوردییەکانیش لەدەرەوە لەم بوارەدا ،ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان بینیووە*.سەرکردایەتی سیاسیی کورد، کەوەک ئەحزابی ناسیۆنالیست ناسراوون.دەبوو لە کێبەرکێی سیاسیدا،دەستیان بۆ هەندێ کار نەبردایە یا لە هەندێ کار وەرنەدایە بەداخەوە،ئەوان لەهیچ شتێکی خراپ سڵیان نەکردەوەو هەموو شتێکیان دابەشی دوو کردو هێندەیتر زمانی کوردیشیان شێواند.ئەوان گەر بەحەق بزووتنەوەی ناسیۆنالیست بوونایە،دەبوو لە هەوڵی درووستکردنی زمانی ستانداردی کوردییدا بوونایە.چونکە زمانی ستاندارد ،زمانی یەکخستن وکۆکردنەوەی میللەتێکە لەژێر چەتری یەک زمانی خوێندن ونووسیندا.گەرچی کەسێکی وەک ئۆردوخانی جەلیل پێی وایە، هێشتا زووە قسە لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی بکەین*.

لێرەوە دەمەوێ بێمە سەر ناوەڕۆکی ئەم باسە.ماوەیەکە لە ناوەندی ڕاگەیاندنی کوردیداو بە دیاریکراویش ،لە کەناڵەکانی کوردسات و ڕۆژ ومیزۆپۆتامیا تیڤیدا دا،هەست بەوە دەکرێ ،تاڕادەیەک بایەخ بە شێوەزاری هەورامیی دەدەن.

بایەخدان بە کەلەپوور و فەرهەنگ وگۆرانی ولێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردن لەسەر دیالێکتی هەورامیی یا هەر دیالێکتێکی تر شتێکی گونجاوو شیاوە.ڕەنگە کورد بەهۆی ئەوبارە سیاسییە ئاڵۆزەی هەیەتی کەمتر خۆی پەرژابێتە سەر لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر تەواوی دیالێکتەکانی زمانی کوردیی.ئەو هەوڵە کەمانەشی کەهەبووە، زیاتر ڕۆژهەڵاتناسەکان وخەڵکانی بەدەر لەکورد پێی هەستاوون.

ئەوەندەی ئاگادارین ،زمانی کوردیی لەڕووی ڕێزمانییەوە،ناجێگیرەو کەم وکورتیی زۆری تێدایە.هەرجارەو هەریەکێک شێوە وشەیەک بەکاردەهێنێت.دیارە دیالێکتی سۆرانیی لە باشووری کوردستاندا، لەڕووی خوێندن و نووسین ولەڕووی ڕێزمانییشەوە تاڕادەیەکی باش قاڵبی گرتووە.

ئەوەی لەم نێوەندەدا،سەرنجی منی ڕاکێشا، دوو بەرنامەی بەڕێز دکتۆر فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بوو،لەسەر بابەتی ڕێزمانی دیالێکتی هەورامی،کە لەکەناڵی کوردساتدا پێشکەشکرا.

یەکەمیان:لەڕۆژی 20-4-2005کاتژمێر00،18

دووەمیان:لەڕۆژی7-10-2005کاتژمێر 11،20 کەبابەتی ئەوڕۆژەی لەسەر جێناوی نیشانە بوو لەزاری هەورامییدا .

لەوانەیە لەو ماوەیەدا د.فەرەیدوون بەرنامەی تریشی پێشکەش کردبێت و من نەمدیبێت.بەهەر حاڵ ئەوەی لای هەمووومان شاراوە نییە،ئەوەیە لەزاراوەکانی زمانی کوردییدا، دیالێکتی کرمانجی ژووروو(بادینیی)و سۆرانیی( کرمانجی خواروو)،دوو دیالێکتن کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان قسەیان پێدەکەن.لەڕووی پراکتیکیشەوە ،زاراوەی سۆرانیی زیاتر جێگەی خۆی گرتووەو چەند دەیەیەکە لە باشووری کوردستاندا بەکاردەهێنرێت.گەرچی تژییە لە کێماسیی وبەدەس زۆر کون وکەلەبەری

ڕێزمانییەوە دەناڵێنێت.ئەوە جگە لەوەی لە ئێستا بەدواوە کێشەی ڕێنووسی لاتینیی و عەرەبییش دێتە پێش.
بەڵام لەداهاتوودا کامیان دەبێتە زمانی ستاندارد یان تێکەڵەیەک لەهەردووکی درووست دەکرێت ئەوە داهاتوو دەردەکەوێت وکاری زمانزانانی کوردە بڕیاری لەسەر بدەن.
پرسیارئەوەیە ،ئێمە وەکو کورد چەند دەیەیە، هێشتا نەمانتوانیوە لایەنی گراماتیکی دیالێکتێک ساغ بکەینەوە، ئالەم کاتەدا، کورد چ سوودێک لە زەقکردنەوەی گراماتیکی دیالێکتی هەورامیی دەبینێت ?لەکاتێکدا دیالێکتی هەورامیی ئەمڕۆ وەک دیالێکتێکی مردوو دەژمێردرێت.باشە ئەوە تا چەند شتێکی واقیعییە هەر کۆمەڵە ڕۆشنبیرێک، سەر بە زاراوەیەکی تایبەت هەستن بە خستنە ڕوو و شیکردنەوەی لایەنی گراماتیک و نووسین بە دیالێکتێکی دیاریکراو ?ئایا خستنە ڕووی گراماتیکی شێوەزارێکی وەک هەورامیی تاچەند خزمەت بەو زمانی خوێندن و نووسینە دەکات،کە ئێستا بەکاردەهێنرێت.ئاخۆ لەچ زمانێکی تردا بووە،زاراوەکان بەجیا لە لایەنی گراماتیکیان بکۆڵرێتەوە.تۆ بڵێی لای دکتۆر گراماتیکی هەورامی شیاوترو پەسەندتر بێت یا لەو ڕوانگەیەوە بێت کە زاری هەورامیی ،لەزمانی کۆنی کوردیی (ئاوێستا)وە ،نزیکترەو کاریگەری پاشماوەی ئایینی زەردەشتی زیاتر پێوە دیارە*. ئایا ئەو هەوڵەی دکتۆر بۆ بەراوورد کردنی گراماتیکی دیالێکتەکانە ودواتر لەسەرگونجاوترینیان ساغبوونەوەیە.بەبارێکیتردا ئەم زەقکردنەوەیەی شێوەزارەکان لەباروودۆخێکی وادا،زیانمان پێ ناگەیەنێت،لەکاتێکدا،ئێمە دوژمنمان زۆرەو دوژمنەکانیشمان زیرەک و وریان و دەست لەسەر چۆک دانەماوون.سەرنج لەو پاشا گەردانییەی سایتە کوردییەکان بدەیت،ئەم ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێت.بەتایبەتی هەندێ سایت هەیە بەدەر لەوەی بە دوو دیالێکتە کوردییەکە نە نووسراوە،هێندەی بە زمانی نەتەوەیی سەردەست بابەت و وتارییان دابەزاندووە،ئەوەندە بە خودی دیالێکتەکە بابەتیان دانەبەزاندووە. چۆن مرۆڤ گومان لەو سایتانە ناکات!یان ئەو سایتانە جگە لەو کۆمەڵە کەسەی ئەو زاراوانە دەزانن کێی تر سوودیان لێ دەبینێت؟ ئەمە لە کاتێکدا خاوەنی سایتەکان زۆر باش زاراوەی سۆرانی دەزانن وپێشی دەنوسن ودەخوێننەوە.
دکتۆر بۆ خۆیشی باش ئاگاداری ئەوەیە ،دوژمنانی کورد ئەم فرە زاراوەییە بە یەکێک لە کێماسییەکانی زمانی کوردیی دەزانن وئەوان بەزۆری زۆردارەکی دەیانەوێ بیسەلمێنن کە ئەو زاراوانە زمانی سەربەخۆن و پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە نییە. تەنانەت(خودی دیکتاتۆر(سەدام) خۆیشی لەیەکێک لە وتارەکانیدا،بەناوی توانج تێگرتن باسی شێوەی ئاخاوتنی سلێمانیی و هەولێریی کردو بە دوو زمانیی جیای لەقەڵەمدان)*.

لەوانەیە نامەی دوکتۆراکەی مامۆستا فەرەیدوون لەسەر لایەنی گراماتیکی دیالێکتی هەورامیی بێت ئەو دەتوانێت وەک هەر کتێبێکی تر چاپی بکات،بەڵام پێشاندانی بابەتێکی وا لە کەناڵێکەوە بۆچی?لەکاتێکدا ئێمە لە هیچ کەناڵێکی ترەوە، بابەتێکی ڕێزمانیی ئەو شێوە باوەی ئێستامان نەبینی پێشکەش بکرێت!

من ڕێزی زۆرم بۆ هەر هەورامیی زانێک یاهەر دیالێکتێکی تری زمانی کوردیی هەیە،لەپێشەوەش وتم گەر هەرهەوڵێک بدرێت بۆ زیندووکردنەوەو بەرز ڕاگرتنی کەلەپوور وگۆرانیی وفەرهەنگ وخوونەریتی تایبەت بە ناوچەیەک یا دیالێکتێک،شایانی ڕێزو دەست خۆشییە،دەنا بەدەر لەوە زەقکردنەوەی گراماتیک و نووسین بە هەر شێوە دیالێکتێکی ناوچەیەکی دیاریکراو بە دەر لەو دوو دیالێکتە ،هەرگیز بەکارێکی لۆژیکی نازانم، گەر وابێت ،وەک چۆن ئێستا چەندین سایت بە هەندێ لە زاراوەی کوردی هەن دەبێ چاوەڕێ بین، بەتەواوی زاراوەکان سایت بکرێنەوەو دواتریش هەر ناوچەیەک داوا دەکات بە شێوەزاری خۆی بخوێنێ و بنووسێت.کەواتە چیمان کرد؟ دوژمنەکانیشمان هەر هێندەیان دەوێت کە ئێمە ئاوا لەیەکتر دابڕێین.بۆیە لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ د.فەرەیدوون و هەرکەسێکی تر ،کاری وا زیاتر قسەی دوژمنانمان دێنێتەدی وپێشموایە چەند هەنگاوی تریش لە پێکەوەنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردیی دوورمان دەخاتەوە.

[1]

[1] سەرچاوەو پەراوێزەکان

_شایانی وتنە حکومەتەکەی پارتی،پێش شەش ساڵ دەستی کرد بە گۆڕینی خوێندن لە سۆرانییەوە بۆ بادینیی لەناوچەی بادینان،لەپۆلی یەکی سەرەتاییەوە .ئەمساڵ گەیشتۆتە قۆناغی شەشەم.ئەم هەنگاوە ساڵ،دوای ساڵ ئەنجام دەدرێت،تا هەموو قۆناقەکان دەگرێتەوە.

_دەتوانم بڵێم قورسایی شۆڕش لەم بەشەی کوردستاندا ،وایکردبوو حکومەتەکانی عێراق ئەو بوارە بۆ زمانی کوردیی بڕەخسێنن.

_ڕێبوار ئەوڕەحمان،ئاڵای ئازادی،ژمارە631،ل9

_ئیسماعیل تەنیا،ببیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی1975-1993، هەولێر،1998.ل36

_زۆرینەی کۆمەڵە کوردیەکانی دەرەوە، لەسەر بنەمای حیزب حیزبێنەو تەکەتول ومەزهەب و ژێر بەژێر بۆ کاری حیزبایەتی کردن دامەزراوون.جگە لەهەندێکیان کە دەکرێ کارەکانییان لەبەچاو بگیرێت.

_ئۆردوخانی جەلیل،گوڵان،ژمارە577،6-10-2005 ،هەڤپەیڤینی نامق هەورامی.

_د.عزەدین مستەفا،سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو،بەغدا،1971،ل154

_ئیسماعیل تەنیا،چەند پووشێک بۆ هێلانەیەکی تر، هەولێر،2000.ل61